# شیعرێک بۆ هونەرمەند کەریم کابان



شێرکۆ بێکەس

## ڕێحانەیەك لەدەنگی خۆش!

ئەو وەختەی وڵاتێك یادەوەری خۆی بە پەنجەی پەلکە گیایەك، یان بەدەنووکی بولبولێك، یان بەنووکی تیشکێ یان
بەرێزەی بارانو ڕەنگی زیوینی مانگەشەوێ ئەنووسێتەوە! بەر لەهەمووان ناوی بەهرەدارانو ناوی ئاوێنەکانی هەستو
نەستی ئەهێنێ، ئەو ڕەنگو بۆنو دەنگە خۆشانە لەریزکردندا پێشئەخات کە لە: تیرێژی چاوو پەلکەرەنگینەی ڕۆحو
خورەو هاژەی جەستەی خۆیان بەخۆشەویستیی نەمرو تا هەتای گەلەکەیان بەخشیوە!
دانە بەردی هەموو شاخێ چون یەك جوان نین!. هیچ باخێ نییە درەختەکانی هەموو چون یەك پڕوپۆ بهاون!.
هەرچی شەپۆل بوو مانای ئەوە نییە ئیتر ئەبێ دەنگی خۆشبێ.
هەرچی قەڵەم بوو مانای ئەوە نییە دەم بەگوڵە!
هەرچیش باڵندە بوو مانای ئەوە نییە بەرزەفڕە!
لەسەردەمێکدا، کەهێشتا ئەم شارە باڵای نەکردبوو، نەبووبوو بەکوڕە شارو ماسولکەی نێو شانو بازووی بەهێز نەبوبوو.
گەڕەكو کۆڵانەکانی، دەشتو دەری، شاخو گردۆڵکەکانی دەوروبەر وەختێ گوێیان لەدەیان نەغمە خوانو گۆرانی بێژ
ئەگرت، بەڵام لەیادەوەری هەموویاندا "ئەحەی ناسر"ێك هەبوو کە بای بیرچوونەوە نەیئەبرد!
لەسەردەمانێکدا هەر لێرە مەلاو فەقێی مزگەوتێ نەبوو، ڕۆژانە چەند شیعری وەك چاوە زار بۆ بانگەشە بەدەرگاو
دیواری ژوورەکانیانەوە هەڵئەواسن.
وەلێ بەتەنها هەر نارەوەنو ژووری خانەقاکەی حەزرەتی (نالی) و شیعرەکانی ئەو مانەوەو بای بیرچوونەوە نەیبردن!
خۆ هەموو گەروەکان زێڕین نین،
هەموو هەناسەکان نابن بەکزەباو شەماڵ!.
هەموو چریکەکان لەلوتکەیەکدا باڵ ناگرن.
خۆ هەموو دەنگەکانیش دەنگی کەریم کابان نین
ئەمە هەر قسەی من نییە
قسەی تاڤگەو قەڵبەزەکانیشە.
قسەی وژەوژو گڤەگڤی نێو دارستانەکانیشە.
خۆ من هەر تاقە گوێچکەی شایەت نیم.
زەمان خۆی گوێچکە شایەتی هەرە گەورەی ڕۆژ ژمێرمانە!.
کەریم کابان
پیاوێك لەبنەماڵەی ڕێحانەی دەنگی خۆش!.

کاتێ دەنگی خۆش ئەبێ بە گمەو
گمەیش ئەبێ بەباڵو بە پەیام بۆ ژیان.
کەریم کابان
رووبارێك لەئاوازی زیوین
وەختێ ئاواز بەلووزەو ئەڕژێتە گیانمانەوەو
گیان ئەبێ بەدەریاچەو
گوێچکەیش بەچارۆگەی
مەقامو بەستەی جاویدان.
ئەمە رۆژی رێزلێنانە.. لەباڵا ئاوێنەیەکی جوان
کە وڵاتێ لەبەرئەودا تەماشای خۆی ئەکات!.
ئەمە رۆژی رێزلێنانە.. لەو بارانی خۆشەویستییەی
کە لەدەمێکەوە
بەخشندانە بەسەرماندا دائەکەن.
ئەمە رۆژی رێزلێنانە،
لەو شمشاڵو باڵەبانەی
نیو سەدە زیاترە ئاواتو ئازارەکانمان لێئەدات!
تەمەنی درێژ بۆ ئەم کەمانچەیە.
بۆ ئەو ژێیانەی هەتا ئێستا
لەخۆشەویستیمان بۆ ئەژەنن‌و
بۆ ئەو گەرووەی هێشتا
گوڵی دەنگ ئەگرێو
بەردەوام پۆلە نەغمەی
رەنگاورەنگی تیا ئەفڕێو
تەمەنی درێژ بۆ ئەو عەشقەی
دوای مردنیش.. هەر نامرێ!
شێرکۆ بێکەس